# سەد مخابن کە کورد هێندە بە سەناهی لێدەبورێت و لە بیر دەکات

aramazez@msn. com

ئارام عەزیز

م ن گەلێک لەو گوتەیە بەگومانم کە دەڵێت: کورد لێ دەبورێت، بەڵام لە بیرناکات. ئەگەر گەلی کورد کارەسات و بە سەرهاتی لەبیر نەکردبایە، دیارە ئێستا هۆشێکی بە خۆدا دەهاتەوە. ! دەنا ئەوەی لەم چەند سەدەیەی ڕابرودوەدا شۆڤێنیستەکانی عەرەب و تورک وفارس بە سەر گەلی کورد دا هێناویانە، مەگەر تەنها کەسانی بێ هۆشی کورد لە بیری بکەن و لێی ببورن. ئاشکرایە کە بە درێژای مێژووی ژیانیان لە دەڤەرەکەدا، ئەوەی لەفەرهەنگی مرۆڤایەتی دا نەبووبێت ئەو سێ نەتەوەیە لە دژی کورد ئەنجامیان دا، بەڵام ئەم گەلە چەوساوەی ئێمە هەمیشە ڕابردووی لە یادکردووە و لێی بووردون و، ئاڵای برایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی بۆ هەڵکردوون. لە بەرامبەیشدا، عەرەب وفارس و تورک هەر جارەو لە ژێر پەردەیەکدا کوردیان فریوداوە و، نیازە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان بە ئامانج گەیاندووە. باشترین دەستەواژەی ئەو سێ نەتەوەیش بۆ گەیشتن بە مەستی خۆیان و، "پەرتکە و زاڵبە" بەسەر کورددا، فریوی ئاین و نیشتمان پەروەیری بووە.

هەڵبەتە مەبەست لەو نیشتمان پەروەیەش، کوردستانیی بوون نیە، بەڵکو زیاتر لاوازکردنی هۆشی نەتەوایەتی کورد و، پاراستنی یەکپارچەی خاکی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بێگومان، فریوی نیشتمانیی بوون لە کوردستانی خورهەڵاتدا کاریگەریەکی دەرونی مەزنی هەبووە و، هەیشە. بۆ ئەو مەبەستەیش فارس لە ژێر پەردەی ئێرانی بووندا کارێکی دەروونی ئەوتۆی کردووەتە سەر کورد لەو پارچەیەدا، وێڕای ئەو هەموو گۆڕانکاریە جیهانی و ناوچەییانە لەم چەند ساڵی ڕابردوودا هاتوونە گۆڕێ، کە بۆ کوردیش هەلی بەکەڵکبوون، بەشێکی زۆری کورد-ی کوردستانی خۆرهەڵات هێندەی خۆیان بەداوی ئێرانی بوونەوە گلاندوە، ئەوەندەی ئەوە خۆیان لە کوردستانیی بوون ناگەیەنن. . . واتا لە پێشەوە ئێرانین و، ڕەنگە پاشان کورد، ئەگەر نەڵێن ئێرانین و پاشان مرۆڤین. گەلێک جێگای داخە ئەو سەدان هەزار کورددەی کە لە سەردەمی سەفەوییەکان دا بە بەنیازی دوور خستەنەوە لە کوردستان، لە خۆراسان جێنشین کراون تائێستایش هەر قەڵای سنوور پارێزیی نیشتمانی فاشیەکانی فارس-ن و، ئەو تاوانەیش لە لایەن کورددەوە لە بیرکراوە.

هەرچەندە پاراستنی یەک پارچەیی وڵاتی ئێران لەلایەن هەندێک کورددەوە، گەر بە زۆر بووبێت یان ئارەزوو، مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەوە تەنها لە پێناو باڵا دەستبوونی فارس بووە لەو وڵاتەدا و، لە دڵی کوردیشدا برینێکە کە هێشتا سۆی نەگرتووەتەوە. بەڵام یەکخستنەوەی سنورە لەیەک داپچڕاوەکانی ئەمڕۆی ئێراق لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانی باشوورەوە و، لێبوردنی و لە بیرکردنی کردەوە ڕەشەکانی بەعس، برینە کۆنە و نوێکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نوێتر دەکاتەوە. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستی من ئەوەنیە کە ئەوانەی ئەنفالیان کردین، ئەنفالیان کەین و، ئەوانەی کۆکوژیان کردین، زیندە بەچاڵیان کەین، بەڵام هەێندەی سەرکردایەتی ئەمڕۆی کوردیش ساکار نەبین. !!! ئەم کۆششەی ئێستای سەرۆکی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور، بەتایبەتی مام جەلال و کاک مەسعود دەیکەن لە مەڕ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، وە نێویان لێناوە بەهێزکردنی ئەو برایەتیەی نێوان هەر دوو گەلی کورد و عەرەب، کە بەهۆی جێنوسایدکردنی کورددەوە لەو چەند ساڵەی ڕابردووەدا درزی تێکەوتبوو، زۆری لەو خزمەتانەی کە سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ بەهێز کردنی گەلی عەرەب و ئیسلامی دەیکرد، کەمتر نین. سەلاحەدین جگە لە ڕزگار کردنی خەلافەتی ئیسلام لە سەرە

www.kurdistannet.org
12/07/2003 03:01

مەرگ دا و، بەهیزکردنی دەسەڵاتی عەرەب و فرەوانکردنی سنوری وڵاتان بۆ عەرەب، هیچ کردەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو کە بۆ کورد جێی شانازی بێت. !!!

پێش و پاش ئەو سەرکردە کورددە موسوڵمانەیش، برابوونی ئیسلام و پاراستن و پەرەپێدانی ئاینی ئیسلام تەنها بە سەر گەلی کورددا سەپێندرابوو. هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئسلامەوە، ئەو ئاینە باشترین دەستەواژە بووە بۆ گەیاندی عەرەب بەئامانجی سیاسی، نەتەوایەتی، ئابوری و دەسەڵاتدارێتی خێڵەکی. هەڵگەڕانەوەی مەعاویە لە خەلیفەی شام و، شەڕی یەزید و حوسێن بۆ دەسکەوت و دەسەڵات گرتنە دەست، زیندووترین بەڵگەی ئەو ڕاستیانەن. سەپاندنی بیرۆکەی تورک–ئیسلام–ی عوسمانیەکان پێوستی بە بەڵگەهێنانەوە ناکات. تاکە نەتەوەیەک کە بەرژەوەندیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی لە پێناو نیشتمانیی بوون و بەهێزکردنی ئاینی ئیسلام و پاراستنی برایەتی لە گەڵ ئەو سێ نەتەوەیەدا لە دەسدابێت، تەنها کورد بووە و کوردیشە. !!!

دواکەوتوانی کورد لە پێناوی بە هێزکردنی ئاینی ئیسلام دا نەک تەنها دەستبەرداری دەستکەوتی سیاسی گەلەکەیان بوون، بەڵکو کردەوە ڕەشەکانی عومەری ئەنفالچی و قەعقاع و ئابا عوبەیدەیش–یان لە بیرکردبوو. ئەوش لەوە زاتر جێگای نیگەران بێت، ئەوەیە کە گۆڕی ئەو پەت بەسەرانەی کە لە کوردستان کوژراون، کورد کردوونی بە مەرقەدی پیرۆز و زیارەتگا و. . . گۆڕی ئەو کورددە لە خۆبردووانەیش کە لە شەڕی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئەنفال و تاڵانچیی بەنێو ئیسلامەکاندا شەهیدکرابوون، تائێستایش لە گەرمیان و جێگاکانی تر بە "گۆڕی گاوور و کافر" نێو دەبرێن. !!!

بەپێی گەلێک سەرچاوەی مێژووی، یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی شۆرشی پاشای ڕەواندووز، فریوی ئاینی بووە. ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت، گەلی کورد هەمیشە فریوی ئاینی و نیشتمانی دراوەو، بە ساکاریش ڕابردووی لە بیر کردووە. تازەترین تاوانی لە بیرکراو لە لایەن کورددەوە ئەوەی ڕژێمی بەعسە. ئەگینا ئەو کردارەی ڕژێمی سەدام بە سەر کوردیا هێناوە، مەگەر تەنها لە فەرهەنگی عەرەب و ئیسلامدا ڕوویدابێت و. . . لە لایەن کوردیشەوە پشتگوێ خرابێت، دەنا چی نەتەوەیەک هەیە جارێکی دی پێکەوە ژیان لە گەڵ ئەوانەدا پەسەنددەکات؟ ئاخر وڵاتێک بەهاوکاری زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانی و، بێ دەنگی تەواوی وڵاتانی ئیسلامی، تاوانی کیمیاوی باران و ئەنفالی لە دژی گەلەکەت ئەنجام دابێت، جگە لە سەرکردایەتی کورد، کەس هەیە ئەو بەسەرهاتە لە بیر بکات و لێی ببورێت. ؟ وڵاتێک کە کرابێت بە گۆڕستانی بەکۆمەڵ و زیندە بەچاڵکردنی دەیان هەزار کورد، بە چی ڕوویەکەوە سەرکرددەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ووشەی " ناسنامەی نیشتمانی" بۆ گەلی کورد لە ئێراقێکی یەکگرتوودا، بەکاردەهێنن و. . . سەرگەرمی پتەوەکردنی پەیوەندین لە گەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب و ئیسلام دا. ؟

بەپێی ئەو بەڵگە مێژوویانەی کە هەمیشە گەلی کورد بە فریوی ئاینی و نیشتمانی بەرژەوەندی خۆی لە دەست داوە و بەسەر هاتەکانی لە بیرکردووە، من بەگومانم لەوەی کە لە داهاتوویشدا کورد لەو تاوانانە لە لایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عەرەب وفارس و تورکەوە لەدژی گەلەکەی ئەنجام دراون، نەبوورێت و لە یادنەکات.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**